سودانی:ژنانی عێراق توانیان بە سەختترین بارودۆخدا تێپەڕێت

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران،ئەمە شەممە،ڕایگەیاند،ژنانی عێراق توانیان بە سەختترین بارودۆخی ناجێگیردا تێپەڕێت و پاڵپشتی خێزانیان کردووە بە نەهێشتنی بارگرانییەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردووە: سودانی، لەگەڵ کەمەرەک لە ژنە بازرگانانی عێراقی کەبووەوە.

لە سەرەتای کەبوونەوەکەدا سودانی جەختی لە سووربوونی حکومەت کردەوە بە پشتیوانیکردنی کەرتی بازرگانی بە ژنان، هەروەها ژنان لە مەژووی نوێی عێراقدا ڕووبەڕووی قەناغێکی گرنگ بوونەتەوە و نوێنەرایەتی تەواوی کەمەڵگای عێراقیان کردووە لە کاتی تێپەڕبوونی بە سەختترین بارودۆخی ناجێگیردا و پاڵپشتی خێزانیان کردووە بە نەهێشتنی بارگرانییەکانی و ئاماژەی بەوەش کرد کە ژنان بە بەشداریکردن لە سیاسەتدا سەریان هەڵداوە و کەتای ژنانیان تێپەڕاندووە و ئامادەبوونکی نموونەییان هەیە، ئەمەش بابەتەکی ئاساییە لە وڵاتەکی وەک عێراقدا کە مەژوویکی پڕ شکۆی هەیە لە بەشداریکردنی ژنانداە، کەسانی ئەکادیمی و نووسەر و شاعیر و ژنانی نموونەییمان هەیە لە بوارە جەراوجەر و

پیشییەکاندا.

سودانی ئاماژەی بۆکرد کە چاکسازییە ئابووریییەکان و هەنگاوە کاریگەرەکان لە ڕووی دارایی و بانکییەوە بوونەتە هۆی پاڵپشتی کردنی کەرتی بازرگانی بە ژنان و ڕەخاسندنی هەڵی کار بە ژنانی عەراق لە کەرتی تایبەتدا و جەختی لەوە کردەوە کە ژینگەی بازرگانی لە عەراق ئاسان نەبووە و بەدەست بیرکراسی و گەندەڵییەوە دەناڵێنێت، بەڵام ئەم ئەکادیمییانە ئەو ڕەگایە ناهێڵن کە بە گەڕینی ئەم واقیعە داڕژراوە و بەیاری گرنگ دەرچووە بە پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی کەمەڵگا ڕووبەڕووی کێشەی بێکاری دەبێتەوە لێنەو ژناندا بە ڕێژەیەکی زیاتر لە پیاوان.

هەروەها سەرۆک وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە مسۆگەرکردنی دەرفەتی کار بە ژنان تاادەیەکی زۆر پێویستە بە پەرەپێدانی کەمەڵگەی ژنانی بازرگان و دابینکردنی ئاسانکاری پێویست و جەختیشی کردەوە کە ئەنجومەنی باڵای ژنان بەم زووانە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات لەگەڵ ئەنجومەنی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت کە بەشێکی گرنگی چالاکییەکانی بە ژنان تەرخان دەکات و لە هەمان کاتدا جەختی لەوە کردەوە کە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕەتین لە فەرمانگەکانی دەوڵەت ڕەگا خۆش دەکات بە کاری ئازاد و دروستکردنی دەرفەتی نوێ لە بازاڕی عەراقدا بە ژنان و پیاوان ئەمەش لە ڕەگەی گەشەپێدانی بەردەوامەوە لەسەر بناغە پتەوەکانی چاکسازی دارایی و ئابووری و بانکیدا.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گوێی لە بەچوونەکانی ژنانی بازرگان گرت، کە بریتی بوو لە دیارترین ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی کارەکانیان دەبێتەوە، جگە لە پێشنیار و چالاکییە جەراوجەرەکانیان لە بواری کارکردندا.